بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ
الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ﴿1﴾

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) کاتێ کە ناپاك و دووڕووەکان دێن بۆ لات و دەڵێن: ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ پێگەمبەری خوایت!! لە حاڵێکدا کە خوا خۆی چاك دەزانێت کە تۆ پێغەمبەرو فرستادەی ئەویت، لە هەمان کاتدا، خوا شایەتە کە ئەو ناپاك و دووڕوانە درۆ دەکەن و باوەڕیان بە تۆ نیە.

اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿2﴾

ئەوانە سوێندی درۆیان کردووە بە قەڵغان و (بە خەیاڵی پوچیان) بەری ڕێبازی خوا دەگرن، (قوڕ بەسەریان) بەڕاستی ئەوانە کارێکی زۆر ناپەسەندو نابەجێ ئەنجام دەدەن (ڕەنج بەخەسارن).

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿3﴾

ئەو حاڵەتەشیان بۆیە تیا دروست بووە چونکە سەرەتا باوەڕیان هەبوو لەوەودوا حەقیان پۆشی و کافربوون، ئیتر مۆر نرا بەسەر دڵیاندا (بۆیە تێگەیشتن و بیرو بۆچونیان شێواوەو) لە ڕاستیەکان تێناگەن.

وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ
كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ﴿4﴾

هەرکاتێك دەیانبینی سەرسامی لەسەرو سیماو قەبەیی لەش و لاریان، کاتێکیش دێنە قسە (ئەوەندە دەم بازو قسەزانن) گوێیان بۆ دەگریت، (لە

لایەکی ترەوە) دەڵێی کۆتەرەداری هەڵپەسێردراون، ئەوەندە لە ترس و بیمدا دەژین، هەر بانگێك بکرێت، هەر باسێك بێتە پێشەوە، وا دەزانن باسی ئەوانە، ئا ئەوانە دوژمنن، ئاگاداریان بە چاودێرییان بکە، وریایان بە، خوا بیانکوژێت و لەناویان بەرێت، ئاخر بۆچی وا دەکەن، بەرەو کوێ دەچن، (چۆن باوەڕی دامەزراو بکە، وریایان بە، خوا بیانکوژێت و لەناویان بەرێت، ئاخر بۆچی وادەکەن، بەرەو کوێ دەچن، (چۆن باوەڕی دامەزراو ناهێنن و لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن).

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُؤُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿5﴾

ئەگەر پێیان بوترێت وەرن بۆ لای پێغەمبەری خوا، تا داوای لێخۆشبونتان بۆ بکات، سەر با دەدەن و لووتبەرزی دەکەن، دەیانبینی ملەجەڕی دەکەن، ئەوانە خۆیان زۆر لا گەورەیەو خۆیان زۆر لا مەزنە.

سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴿6﴾

چونیەکە بۆیان داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت یان نەکەیت، هەرگیز خوا لێیان خۆش نابێت، چونکە بەڕاستی هیدایەت و ڕێنموونی قەومی تاوانبار و گوناهکار ناکات.

هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُوا عَلَى مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ﴿7﴾

هەر ئەوانیشن کە دەڵێن بە خەڵکی: ماڵ و سامان مەبەخشن بەو کەسانەی کە لە دەوری پێغەمبەری خوادان، تا بڵاوەی لێ بکەن!! (مەبەستیان هەژارانی کۆچکەرانە) (ئەی نازانن) هەرچی گەنجینەکان

هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا خوا خاوەنیانە، بەڵام دووڕووەکان تێناگەن و لە نهێنیەکان سەر دەرناکەن.

يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿8﴾

(ئەو دووڕووانە) دەڵێن: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە (دیار ەکە بەو حاڵشەوە بەشداری غەزایان کردووە، بە ناچاریی، یان بۆ تەماع و ئاشوب نانەوە) دەبێت ئەوەی کە دەسەڵات دارو پیاو ماقوڵە، ئەوە دەربکات کە بێکەس و بێ نەوایە، (ئەو دووڕوانە نازانن) کە: عیززەت و دەسەڵات و سەربەرزیی هەر شایستەی خواو پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴿9﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، هەوڵ بدەن نە ماڵ و سامانتان، نە ڕۆڵەکانتان، نەبنە هۆی ئەوەی کە لە یادی خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو کەمتەرخەمیی بکەن، جا ئەوەی کەمتەرخەم بێت ئا ئەوانە خەسارەتمەندو زەرەرمەندن.

وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ ﴿10﴾

لەو ماڵ و سامان و(زانستی و هێزو دەسەڵاتەی) کە پێمان بەخشیون، ئێوەش لێی ببەخشن و دەستی بەسەرا مەگرن پێش ئەوەی کە مردن یەخە بە یەکێکتان بگرێت و بڵێت: پەروەردگارا، خۆزگە ماوەیەکی کەمی تر مۆڵەتت بدامایە تا خێرو چاکەم بکردایەو ماڵ و سامانم ببەخشیایەو بچومایەتە ڕیزی چاکانەوە.

وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاء أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿11﴾

(ئەو داخوازیە بەجێ نیە، چونکە) ڕۆژی هەرکەسێک تەواو بوو، کاتی مەرگی هەر کەسێك هات، هەرگیز خوای (مرێنەر) دوای ناخات و مۆڵەتی بۆ تازە ناکاتەوە، خوایش زۆر ئاگایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن و (هیچی لێ ون نابێت)...